# حوكمی جادوو و جادووگەران و ڕوونكردنەوەی چارەسەر كردنی كەسی جادوو لێكراو

[ كردي – كوردی – kurdish ]


## شێخ عبد العزيز بن باز

**وەرگێڕانی:** دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچوونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم السحر والكهانة وما يتعلق بها

« باللغة الكردية »

الشيخ عبد العزيز بن باز

ترجمه: فريق القسم الكردي في موقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی جادوو و جادووگەران و ڕوونكردنەوەی چارەسەر كردنی كەسی جادوو لێكراو

سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە.

زۆرێك لەخەڵكی ئەم سەردەمە پەنا دەبەنە بەر جادوو وڕۆشتن بۆلای جادووگەران، ئایا دەبێت حوكمی ئەم كارە چی بێت، وە ڕێگا چیە بۆ چارەسەركردنی ئەو كەسەی جادووی لێكراوە .

گومانی تێدا نییە جادوو یەكێكە لەتاوانە گەورەكان كە دەبیتە هۆی تیاچوونی ئوممەتان، بگرە یەكێكە لە هەڵوەشێنەرەوەكانی ئیسلامیش، خوای گەورە لەبارەی جادووەوە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی : ﴿وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلكِ سُلَيمَٰنَ وَمَا كَفَرَ سُلَيمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحرَ وَمَآ

أُنزِلَ عَلَى ٱلمَلَكَينِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِن أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحنُ فِتنَة فَلَا تَكفُر فَيَتَعَلَّمُونَ مِنهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَينَ ٱلمَرءِ وَزَوجِهِۦ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِن أَحَدٍ إِلَّا بِإِذنِ ٱللَّهِ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُم وَلَا يَنفَعُهُم وَلَقَد عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِي ٱلأٓخِرَةِ مِن خَلَٰق وَلَبِئسَ مَا شَرَواْ بِهِۦٓ أَنفُسَهُم لَو كَانُواْ يَعلَمُونَ * وَلَو أَنَّهُم ءَامَنُواْ وَٱتَّقَواْ لَمَثُوبَة مِّن عِندِ ٱللَّهِ خَير لَّو كَانُواْ يَعلَمُونَ ﴾

[البقرة : ١٠٢-١٠٣] واتا : جوولەکەکان دوای ئەو(شتانە) کەوتن کەشەیتانەکان دەیان خوێندەوە (بۆ خەڵکی) لەسەردەمی پاشایەتی سولەیمان دا، وە سولەیمان بێ بڕوا نەبوو بەڵام شەیتانەکان بێ بڕوا بوون خەڵکیان فێری جادوو دەکرد هەروەها ئەوەی نێردراوەتە خوارەوە لە بابل بۆ سەر هارووت و مارووت(دوو فریشتە بوون) وە(ئەمانە) کەسیان فێر نەدەکرد تا پێیان نەوتایە ئێمە هەرتاقی کەرەوەی (ئادەمیزاد) ین کەواتە بێ بڕوامەبە ئینجا فێری جادووی وا دەبوون لێیانەوە کە ژن و مێردی پێ لەیەک بکەن ئەوان بەم جادووە ناتوانن زیان بەکەس بگەیەنن مەگەر بەویستی خوا وە فێری شتێک دەبن کە زیانیان

پێ دەگەیەنێ نەک قازانج بێگومان زانیان هەرکەسێ جادوو بکرێ (بەفەرموودەی تەورات) لەرۆژی دواییدا بێ بەش دەبێ بەڕاستی زۆر بەدە ئەو شتەی کە(بڕوای) خۆیانیان پێ فرۆشت ئەگەر بیانزانیایە * ئەگەر بەڕاستی ئەوان بڕوایان بهێنایە و پارێزکار بونایە ئەوا پاداشتێکی چاکتر لەلایەن خواوە بۆ ئەوان دەبوو ئەگەر بیانزانیایە .

خوای گەورە لەم دوو ئایەتەدا باسی ئەوەی بۆ کردووین کە شەیتانەکان خەڵکیان فێری جادوو دەکرد، بەمەش بێباوەڕ بوون، ئەو دوو فریشتەش کە هاتن بۆلای خەڵکی جادوویان فێری کەس نەدەکرد ئیلا پێیان دەوت ئەوەی کە پییان ووتن بێباوەڕیە و ئەوان خەڵکی تاقی دەکەنەوە .

هەروەها ئەوەشی بۆ ڕوون کردوینەتەوە ئەو کەسەی کەفێری جادوو دەبیت ناتوانێت هیچ زیان و قازانجێك بەکەس بگەیەنێت،

وە لای خوای گەورەش لە ڕۆژی دواییدا هیچ بەشێکیان نابێت، واتا : هیچ خێریکیان لە دوارۆژدا چنگ ناکەوێت .

هەروەها خوای گەورە وپەروەردگار ئەوەشی بۆ ڕوون کردوینەتەوە کە جادووگەران پیاو و ژن لەیەکیتری جودا دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ دسەڵات و ئیزنی خوای گەورە نەبێت ناتوانن هیچ زیانیك بگەیەننن بەهیچ کەسێك، مەبەستیشمان لە ئیزن ئیزنی کەونی قەدەرییە نەك ئیزنی شەرعی، چونکە ئەوەی لەگەردووندا روو دەدات هەر هەمووی بە ئیزنی قەدەری خوای گەورە ڕوو دەدات، ئەوەشی پەروەردگار نەیەوێت ڕوونادات، هەروەها خوای گەورە لەو دوو ئایەتەی سەرەوەدا ئەوەشی بۆ باسکردووین کە جادووکردن پێچەوانەی ئیمان و تەقوایە .

لەدوای ئەم روونکردنەوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە جادوو بە گشتی بێباوەڕ و سەرگەردانی و گومڕا بوونە، وئەو کەسەی

بانگەشەی موسڵمان بوون بکات و خەریکی ئەم کارە بێت لە ئیسلام پێی پاشگەز دەبێتەوە، لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە، کە ئەبو هوریرە ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « اجتنبوا السبع الموبقات، قلنا وماهن يا رسول الله ؟ قال : الشرك بالله، والسحر، وقتل النفس التي حرم الله إلا بالحق، وأكل الربا، وأكل مال اليتيم، والتولي يوم الزحف، وقذف المحصنات الغافلات » واتا : دوور بکەونەوە لە حەوت لەناوبەرەکە، ووتمان ئەو پێغەمبەری خوا کامانەن؟ فەرمووی : هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە، وجادووکردن، وکوشتنی کەسێك کە خوای گەورە حەرامی کردبێت بەهەقێك نەبێت، وخواردنی سوو، وخواردنی ماڵی هەتیوو، وپشت هەڵکردن لەڕۆژی ڕووبەڕووبونەوە لەگۆڕەپانی جیهاد، وتۆمەتی زینا دانە پاڵ ئافرەتانێکی بێ ئاگا لەو گوناهە.

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەم فەرموودە صەحیحەدا ئەوەی ڕوون کردوەتەوە کە هاوەڵ بڕیاردان و جادوو

لەحەوت تاوانە لەناوبەرەکەن، وهاوەڵ بڕیاردانیش گەورەترینی ناو ئەو تاوانانەیە، چونکە تاوان و گوناهێکی یەجگار مەزن و گەورەیە، وجادویش لەجومەلەی هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خوا، هەر بۆیە دەبینین کە پاش هاوەڵ بڕیاردان پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) باسی جادووی کردووە، چونکە جادووگەران ناگەن بە مەرازی جادوەکەیان بە پەرستش نزیك بوونەوە نەبێت لەشەیتانەکان، لەو شتانەی پێیان خۆشە لە پاڕانەوە لێیان لەگەڵ ئاژەڵ سەربڕین و نەزر بۆکردن، وهاوار و هانا بۆ بردنیان .ئیمامی نەسائی ڕیوایەتی کردوە لە ئەبو هورەیرەوە (خوای لێ ڕازی بێت) کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی : « من عقد عقدة ثم نفث فيها فقد سحر، ومن سحر فقد أشرك، ومن تعلق شيئا وكل إليه » واتا : هەرکەسێك پەتێك گرێ بدات و پاشان فووی پێدا بکات، ئەوە بێگومان جادووی کردووە، وە هەرکەسێکیش جادوو بکات ئەوە هاوەڵی بۆ خودا داناوە، وە هەرکەسێك دڵی پابەند بێت بەشتێکەوە ئەوە هەواڵەی لای ئەو شتە دەکرێت .

ئەم فەرموودەیەش تەفسیری ئەو ئایەتە پیرۆزەی قورئان دەكات كە خوای گەورە دەفەرمویێت : ﴿ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ ﴾ [ الفلق : ٤ ] واتا : ئەی خوایە پەنا دەرگم بەتۆ لەو كەسانەی فوو دەكەن بە گرێكاندا .

زانایانی تەفسیردەڵێن: مەبەست پێی ئەو ئافرەتە جادووگەرانەیە كە پەت گرێ دەدەن و فووی پێدا دەكەن بەچەند ووشەیەكی شیریكی، بەمەبەستی نزیك بوونەوە لە شەیتانەكان، بۆ ئەوەی مەبەستەكانیان لە ئازاردانی خەڵكی و ستەم لێكردنیان جێ بەجێ بكەن .

زانایانیش ڕایان جیاوازە لەبارەی حوكمی جادووگەرانەوە، كە ئایا ئەگەر دەستگیركران داوای تەوبەیان لێ دەكرێت و تەوبەكەیان لێ قبوڵ دەكرێت، یان دەست بەجێ دەكوژرێن بەبێ ئەوەی داوای تەوبەیان لێ بكرێت لەكاتێكدا كە سەلما لەسەریان جادوویان كردووە ؟ بێگومان ڕای دووەم ڕاستر و پەسەندترە

چونکە مانەوەی ئەو جۆرە کەسانە زیان دەگەیەنێت بە کۆمەڵگە، و زۆرجاریش ئەو جادووگەرانە ڕاستگۆ نیین لە تەوبەکردن، هەروەها مانەوەی ئەم جادووگەرانە مەترسیدارە بۆ سەر موسڵمانان، ئەو زانایانەیش کە ئەم ڕاییەیان هەیە بەڵگە بۆ ووتەکەیان بەوە دەهێننەوە: عومەری کوڕی خەتاب (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمانی کردووە بە کوشتنی سەرجەم جادووگەرەکان و داوای تەوبەکردنیشی لێ نەکردوون، عومەریش دیارە کە خەلیفەی دووەمی ناو خەلیفە ڕاشدینەکانە، کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی بە موسڵمان کردووە شوێن سوننەت و کاروکردەوەیان بکەون، هەروەها یەکێکی تر لە بەڵگەکانیان ئەوەیە ئیمامی تورموذی ڕیوایەتی کردووە لە جوندوبی کوڕی عەبدوڵڵای بەجەلیەوە، یان لە جوندوبولخەیری ئەزدیەوە بە فەرموودەیەکی مەرفوع و مەوقوفیش ڕیوایەتیان کردووە کە فەرموویەتی : ( حد الساحر ضرب بالسيف ) واتا : سزا و حەدی جادووگەر لەگەردن دانیەتی بە شمشێر، هەندێك لە

ڕواتەکان بەم شێوەیە فەرموودەکەیان زەبط کردووە، ( حد الساحر ضربة بالسيف ) واتا : سزا و حەدی جادووگەر یەك شمێرە بدرێت لەگەردنی .

ڕای ڕاستیش لەبارەی ئەم فەرمودەوە ئەوەیە ئەم ووتەیە ووتەی جوندوب خۆیەتی، واتا : مەوقوفە لەسەر ئەو .

لە حەفصەی دادیکی باوەڕدارانیشەوە (خوای لێ ڕازی بیت) بە صەحیحی گێڕراوەتەوە، کە فەرمانی کردووە بە کوشتنی ئەو کەنیزەکەیەی کە جادووی لێکردبوو، بەبی ئەوەش کە داوای تەوبەی لێ بکات، کەواتە ئەم مەسئەلەیە لە سێ کەسی بەرێزی ناو هاوەڵانەوە ڕیوایەت کراوە، عومەر و جوندوب و حەفصە .

لە ڕوانگەی ئەوەی باسمانکرد ئەوەمان بۆ ڕوون بوویەوە کە بەهیچ شێوەیەك دروست نییە مرۆڤی باوەڕدار بچێتە لای جادووگەران و پرسیاری هیچیان لێ بکات، و ە نابێت بە ڕاستیان بزانێت، هەروەك دروست نییە نابێت بچێتە لای فاڵچی و

کاهنەکان، وە بێگومان واجبە هەرکاتێکیش جادووکردن لەسەر جادووگەرێك ثابت بوو واجبە دەست بەجێ بەبێ ئەوەی داوای تەوبەی لێ بکرێت بکوژرێت جا ئیتر بە دان پێدانانی خۆی بێت، یان بەڵگە و بەینەی شەرعی لەسەر هەبێت .

بە نسبەت چارەسەری ئەو کەسەشی جادووی لێکراوە دەبێت بە ڕوقیەی شەرعی وداودەرمانی سوود بەخش و ڕێگا پێدراو چارەسەر بکرێت، سوودبەخشترین و باشترین ڕوقیەیەك کە بکرێت بۆ کەسی جادوو لێکراو ئەوەیە سورەتی ( الفاتحة) ی بەسەردا بخوێنرێت لەگەڵ فووپێداکردنی، وە بە ( آية الكرسي ) و ئایەتەکانی چارەسەری جادوو لە سورەتی ( الأعراف ) و ( يونس ) و ( طه ) و وخوێندنی سورەتی ( قل يا أيها الكافرون ) و ( قل هو الله أحد ) و ( قل أعوذ برب الفلق ) و ( قل أعوذ برب الناس )، وە سوننەت وایە ئەم سورەت و ئایەتانە سێ جار سێ جار بخوێنرێت، لەگەڵ ئەو دوعا مەشهورەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم) بەسەر نەخۆیدا دەخوێند ئەویش بریتیە لە : « الهم رب الناس أذهب البأس،

واشف أنت الشافي، لا شفاء إلا شفاؤك شفاء لا يغادر سقما » ئـەمـەش سێ جار بخوێنێت .

هـەروەهـا ئـەو ڕوقیـە شـەرعیـە بخوێنێت کـە جوبرەئیل خوێندی بـەسـەر پێغـەمبـەری خـوادا ( صـلـى اللـه علیـه وسلم ) کـه فـەرمووی : « بسم الله أرقيك من كل شيء يؤذيك، ومن شر كل نفس أو عين حاسد، الله يشفيك، بسم الله أرقيك » ئـەمـەش سێ جار بڵێتـەوە بـەسـەر ئـەو کـەسەی کـە جـادوەکـەی لێکراوە، ئـەم ڕوقیـەیـەش بـەیارمـەتـی خـوای گـەورە چاکترین چارەسـەرە .

هـەروەهـا یـەکیکـی تر لـەو چارەسـەیانـەی بۆ کـەسی جـادوولێکراو دەکرێت ئـەوەیـە ئـەو شتـە لـەناو ببرێت کـە گومانـی ئـەوەی لێدەکرێت چادووەکـەیان پێ کردبێت، وەك ئـەو خوری و پـەت و دەزووەی کـه فووی پێدا کراوە، یان هـەر شتێکی تر کـه بـەکار هـاتوو بۆ جـادوو لێکردن، لـەگـەڵ ئـەوەشدا دەبێت ئـەو کـەسـە پـەنا بگرێت بـەخـوای گـەورە بـە شێوەیـەکـی شـەرعـی، وەك ووتن و خوێندنـی ئـەم

ووشانه : « أعوذ بكلمات الله التامات من شر ما خلق » سێ جار، بەیانیان وئێواران، هەروەها خویندنی سێ جاری هەر سێ سورەتەکەی کە باسمانکرد لە بەیانیان و ئێواراندا، لەگەڵ خوێندنی ( آية الكرسي ) لەدوای هەموو نوێژێك و لەکاتی نوستنیشدا .

وە سوننەتە کە بەیانیان و ئێواران سێ جار ئەم ذیکرانە بخوێنێت : « بسم الله الذي لا يضر مع اسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم » چونکە هەموو ئەوانەی باسمانکردن لە پێغەمبەری خوداوە ( صلى الله عليه وسلم ) بە صەحیحی ثابت بووە، لەگەڵ ئەوەش دەبێت مرۆڤی باوەڕدار گومانی بەخوای گەورە چاك بێت کە لێی گیرا دەکات، وە باوەڕی هەبێت کە هەر خوای گەورەیە شیفا نەخۆشەکان دەدات ئەگەر وویستی لەسەر بێت، وەهەر ئەویشە ڕێکخەری هەموو هۆکارە کان، چونکە ئەو پەنا گرتن و نزا خوێندن و داو دەرمانانە تەنها هۆکارێکن، ئەگینا هەر خوای گەورە و بالادەستە کە شیفا بەخش و شیفا

دەرە، دەبێت پشت و پەنات هەر بەخوای تاك و تەنها ببەستیت، بەبی پشت بەستن بەو چارەسەریانە، بەڵام دەبێت باوەڕی وابێت ئەو دەرمان و ڕوقیە شەرعیانە تەنها هۆکارن، ئەگەر خوای گەورە وویستی لەسەر بێت سوودی دەبێت بۆی، وە ئەگەر وویستیشی لەسەر نەبێت هیچ سوودێکی نابێت، چونکە خوای گەورە وپەروەردگار لەهەموو کارەکانیدا حیکمەت و دانایی و کاربەجێی هەیە، هەر ئەویشە دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەموو شتێکدا، وە زانا و ئاگاداریشە بەهەموو شتێك، هیچ ڕێگریەك نابێت لەو شتەی ئەو دەیبەخشێت، وە کەسیش ناتوانێت شتێك ببەخشێت کە ئەو ڕێگری لێ کردبێت و گرتبێتیەوە، وە هیچ کەس ناتوانێت ئەو کارەی ئەو بڕیاری لەسەر داوە بیگەڕێنیتە دواوە، هەموو شتێك موڵکی ئەوە، وە بەسەر هەموو شتێکیشدا بەدەسەڵاتە، هەر ئەویش پشت و پەنامانە .

خوای گەورە لە گوناهی هەمووان خۆش بێت .

سەرچاوە: سایتی شێخی پایە بەرز عبد العزیز بن باز

رەحمەتی خوای لێ بێت www.binbaz.org